

گەشاوە جاف

## بۆ ئەوەی ناهەمواریەکانی شەر لە کۆمەڵگەدا نەهێڵین دەبێت سەر تاسەر پەیرەو و پرۆگرامی پەروەردە بگۆردرێت......

گەشاوە جاف ، دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی سولەیمانی بەشی کارگێڕی ،ماوەی ١٢ ساڵە لە هاندەران دەژی لە وولاتی بەریتانیا لە شاری لەندەن
ئێستا سەرقاڵی خوێندنە لە بواری میدیا بە گشتی و کامێرای تەلەفزیۆنی بەتایبەتی لە زانکۆی تایمس ڤالیَ لە رۆژئاوای شاری لەندەن.
ساڵانێکە دەستی کردوە بە نوسینی هۆنراوە و بابەتی جیا جیا لە بواری هونەری و کۆمەلایەتی هەندێ جاربابەتی رۆژنامەکان وەردەگێرێ بۆ کوردی
وە بە هۆی خویندنەکەیەوە توانی هاوکاری زۆر لە تیڤی یە کوردیەکانی ئەوروپا بکەم وەك ڕۆژ تیڤی لە وولاتی بەلجیکا، کوردستان تیڤی لە وولاتی ئەڵمانیا،تیشك تیڤی لە ووڵاتی فەرەنسا ، وە کەناڵەکانی بریتانی.
....دیمانە / نامق هە ورامی.......

### گەشاوە جاف، نووسەرو چالاکی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی لەبریتانیا

*١ سروشتی کۆمەڵگەکانی دوای شەڕ چۆنەو کاریگەری بۆماوەکانی جەنگ زیاتر لە کام چین و توێژ دەردەکەوێت.؟
سروشتی کۆمەڵگەکانی دوای شەڕ بەم شێوەیە دەبینرێت ،رەوشتی کۆمەڵایەتی نامێنێت وە بە شێوەیەکی بەرچاو تەندوتیژدەبێت بەرامبەر یەك تری هەروەها ئەو چیلانەی کە لەو سەردەمەدا گەورەبوون خوێناویتر دەبن وە هەستی مرۆڤایەتیان کەم دەبێتەوە ، بەتایبەتی دەبێتە هۆی دوا خستنی کۆمەڵگە لە هەموو لایەنێکەوە

،بێجگە لە وەی کە ئابوری وولات دەرووخێنێ ئە م تێکچونی ژێرخانی ئابووری یە ش هەموو تاکی کۆمەڵگە دەگرێتەوە لێرەدا فەسادی ئابوری و کارگێڕی(ئیداری) دەست پێ دەکات کە وەها دەکات لە تاك کە لە ڕێگەی مادەوە خۆیان دروست بکەن وە خەڵك زیاتر هەڵپەدەکات بۆ مادە وە نەبوونی دەبێتە هۆی توندوتیژی ، خۆشەویستی لە نێوان تاکی کۆمەڵگە ناهێڵێت رۆحی تۆلە سەندنەوە بەخوێن لە نێو ناخیاندا دەچێنی هەتا کۆمەڵگەی دواى شەر لەبەر نەهامەتیەکانیان کە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبێت زمانی شیرنیان بەرامبەر یەك نامێنێ .هەروەها گەر هاتوو لە دوای شۆڕش ئەوەی چاوەڕی دەکرا بەدەست نەهات نائومیدی لە ناو خەڵك بڵاو دەبێتەوە بەرامبەر بە ژیان رەوتی سروشتی ژیان بە گشتی دەگۆڕێت

وە ئەمەش بە شێوەیەکی بەرچاو لە چینی هەژار دا زیاتر دەردەکەوێت ،هەروەك لە پێش دا ئامازەم پێ دا کە ئەو کەلێنە ئابوریەی کە دوای شەر کۆمەڵگە پیوەی دەناڵێنێ وەها دەکات لە تاك لەبەر بەدەست هینانی بژێوی ژیانی ڕۆژانە کە بواری نەبیت فریایی فەرهەنگی تر بکەوێت لێرەدا ئەتوانین بڵێین کە دواکەوتن سەرهەڵدەدات لە هەمووی ترسناکتر نەخویندەواری بڵاو دەبێتەوە وە زۆر بەی منداڵان لە خویندن ببێ بەشدەبن بۆ هاریکاری کردنی خێزانیان کە لەسەر جادە و کۆڵانەکان خەریکی کار دەبن تەمەنی منداڵی خۆیان لەدەست دەدەن لەو تەمەنەدا توشی مەعاناتی پارە پەیدا کردن دەبن وە زۆر بەگەنجی پیر دەبن بێجگە لەوەی نا یەکسانی بە شێوازی کۆمەڵگەوە دەردەکەوێت.

هەندێك لە هۆکارەکانی دوای شەر کە سەر هەڵدەدات لە کۆمەڵگەکاندا لەش فرۆشی ژن و مێردمندال بۆ بەدەست هێنانی بژێوی ژیانیان ،کۆچ کردنی زۆربەی گەنچی کۆمەڵگە بۆ وولاتانی تر کۆمەڵگە لێرەدا هێزی گەنج زۆر لەدەست دەدا زیندوکردنەوەی ئاین بە توندوتیژی پەیڕەوی کردنی ،لە هەمووی سامناك تر دیاردەی خۆکوژی لە ناو جینی لاوان دا بە هۆی بەدەست نەهێنانی ئەو خواست و ئاواتانەی کە جاوەری بوو دوای شەڕ بۆی بەدی بێت بەڵام ناتوانێت بەدی بهێنێت.

کۆمەڵگە لە دوای شەڕەوە چۆن دەتوانێت خۆی بگوازیًتەوە بۆ قۆناغی بنیاتنانەوە؟/*

-گوێزانەوەی کۆمەڵگە دوای شەر بۆ بنیات نانەوە دەبێت لە دوو بواری گرنگ دا دەست پێ بکرێت کە ئەم دوو هۆیە دەبنە هۆی بنیات نانەوەی کۆمەڵگەیەکی دروست و رۆشنبیر جاندنەوەی خۆشەویستی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە

ئەم دوو بوارەش

١ .پەروەردە/ بۆ ئەوەی ناهەمواریەکانی شەر لە کۆمەڵگەدا نەهێڵین دەبێت سەر تاسەر پەیرەو و پرۆگرامی پەروەردە بگۆردرێت لە دایەنگەکانەوە تەدەگاتە زانکۆکان کردنەوەی خەلی رۆشنبیری لە گشت بوارە جیا جیاکاندا بۆ هۆشیار کردنەوەی تاکی کۆمەڵگە وە پاڵپێوەنانیان بۆ خوێندن و خویندنەوە ئەمەش بەوە

ئەنجام دەدرێت کە پەرەبدرێت بە چینی لاوان لە هەموو روویەکەوە دابین کردنی پێداویست بۆ شیرین کردنیان لە ناخیاندا ، ناردنی خەڵکان بۆ دەرەوەی وولآت بۆ سوود وەرگرتی لە پەیرەو پرۆگرامی ئەو وولآتانە لە بواری پەروەردە دا بەتایبەتی خوێندن بۆ ئەم کارانەش پێویستمان بە کەسانی چاونەترس و رۆشنبیر دەبێت وەك نووسەر هەڵبەستەوان ئەوان دەتوانن گۆڕانکاری بەرجاو بەسەر رەوتی کۆمەلگەدا بهێنن ئەم جینە نابێت بێدەنگ بن لە ئاست بنیات نانەوەی کۆمەڵگە. دروست کردنی گروپی رۆشنبیری پیك بهێنن بۆ نوی کردنەوەی بیری کۆمەڵگە هەولی زۆری بۆ بدەن هەولبدەن بۆ بەدەست هێنانی سەرمایە بۆ یارمەتی دانی قوتابیان بە گشتی وە دەست کورتەکان بەتایبەتی لە بواری خویندندا تا وەهایان لێ بکرێت لە خویندن دانەبرێن هەوڵ دان بۆ کردنەوەی کتێبخانە لە گشت شوێنەکانی شار بۆ بەرزکردنەوەی رادەی هۆشیاری دابین کردنی کتێب و ئەنتەرنێت و سی دی و دی ڤی دی جیاکردنەوەیان بەپێی تەمەن بۆ ئەوەی هەرکەس بەپێی تەمەنی خۆی سودیان لی وەربگرێت ،هەروەها کردنەوەی سەنتەری گشتی بۆ کۆبوونەوەی منداڵان و گەنجان کات بردنەسەر گۆڕینەوەی بیرو را وەهایان لی بکرێت کە باوربە توانای خۆیان بکەن .کە باس لە گۆرینی پرۆگرامی پەروەردە دەکرێت مەبەست لیرەدا لابردنی توندوتیژی یە لە نا خوێندنگاکان و مالەکان دروست کردنی گروپێك لە تەیژەرەوەی کۆمەلایەتی بۆ سەرپەرشتی کردنی منداڵ و خێزانیان یارمەتی دانیان لە کاتی پێویست ڕێنمایی کردنیان وە دەبێتە هۆیەکی تر بۆ خۆسەویست کردنی خویندن لە لای منداڵان دابینکردنی ژەمی خۆراك بەتایبەتی خۆراکی سەرەکی لە خوێندنگەکان وەك سەوزە و میوە و شیرەمەنیەکان بۆ ئەوەی منداڵان ئەندروست باشبن کەواتە گۆرینی بواری پەروەردە لە بناغەوە هۆیەکە بۆ دروست بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی پێشکەوتووە تیکەڵ کردنی کور ەکچ جیانەکردنەوەیان لە بوارەکانی خوێندندا ئەمەش بۆ ئەوەی نایەکسانی لەنێوان ئەم دوو ڕەگەزەدا پەیدا نەبێت وە رێنمایی کردنی زانستیان پێشکەش بکرێت بەتایبەت دانانی ڕێنمایی جنسی لە بەرنامەی پەروەردەدا کە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ترس نەمێنی لە نێوان ئەم دوو رەگەزەو هەروەها بۆیان روون بکرێتەوە باشی وخراپی یەکانی پێدانی ئامۆژگاری نەهیشتنی ئەم تابووە لە ناو مێشکیاندا هەروەك جۆن لەم وولاتانە بەشێوەی زانستی لە خوێندنگەکاندا ئەم رێنماییانە تکی زۆر هۆشیار کردۆتەوە جونکە دوای خێزان ماڵی دووهەم خویندنگەیە کە منداڵی تێدا پەروەردە بێت وەك دەڵین کە منداڵ لە سەرەتاوە تا حەوت ساڵ کەسایەتی خۆی تیایدا دروست دەبیت مانای لە رێگەی پەروەردەوە

دەتوانرێت کە کەسایەتی یەکی تەندروست تیا بچێنرێت گەر لە کەش و هەوایەکی پەروەردەیی باشدا بەرهەم هێنرابێت بیری توند رەوی تێدا شۆرابێ .

٢ .ڕاگەیاندن /هەریەك لە ئێمە دەزانین کە راگەیاندن کاری گەری گەورەی هەیە

لە سەر گشت تاکی کۆمەڵگە بەهۆیەوە دەتوانرێت زۆر گۆرانکاری ئەنجام بدرێت جونکە راگەیاندن تەنها خاڵی گەیەنەرە لە نێوان دەرەوە و بینەردا بەم شێوە دەتوانرێت گۆڕانکاری بەرجاو بکرێت  راگەیاندن دەبێت میشکی تاکی کۆمەڵگە بشواتەوەو ڕۆشنبرتریان بکات بەهۆی بەرنامەکانیەوە کە بەشیوەیەك بەرهەم بهێنرێت کە سوود بگەیەنی نەك بۆ کات بەسەر بردن بێت بۆ ئەمەش پێویستە کە کەسانی کارامە و ئەزموندار لەم بوارەدا جالاك بن بۆ بنیات نانەوەی کۆمەڵگە ، دڵسۆزانە کاربکەن بەدروست کردنی دۆکیومێنتەری لە گشت بوارەکانی هەر ڕۆژە جۆرە خاڵێکی نو کۆمەڵگە روون بکەنەوە بەتایبەتی کە هەست کرا لە ج بوارێکدا کۆمەڵگە پێویستی بە هۆشیار کردنەوەیە و زیاتر کاری بۆ بکرێت بۆ نموونە هۆسیار کردنەوەی تاك لە بەرامبەر تەندوتیژی بەگستی و بەرانبەر بە رەگەزی مێ بەتایبەتی کە  لەم رۆژانەی کۆمەڵگەی ئێمەدا بۆتە کارێکی زۆر ئاسایی گەر بمانەوی ئەم کارەساتانە کەم کەینەوە بەتەنە هۆ بۆ جارەسەرکردنی رۆشنبیرکردنە لە رێگەی راگەیاندانەوە .هەروەها بەرهەم هێنانی بەرنامەی تایبەت بۆ مندالان کە  کاریگەری بۆ منداڵ هەبیت بۆ بنیاتنانني داهاتووی جونکە بەهۆیەوە مەبەست بەرنامەیە کە تۆی بەرهەم هێنەر دەتوانیت منداڵەکە موبەرمەج بکەیت دەتوانیت تاکێکی زۆر هۆشیار بۆ کۆمەڵگەکەت بەرهەم بێنیت بەتایبەت  بەبەرنامەی زانستی و کۆمەڵایەتی هەروەها کات و بەرنامەکان دەبێت بەپێی تەمەن بەرهەم بهێنرێت رەجاوی ئەوە بکریت کە ئەم بەرهەمە بۆ منداڵە جونکە هەر فلیمی کارتۆنی بەس نییە بۆ منداڵ گەر ئێمە بمانەوی کۆمەڵگە بنیات بنێیینەوە دەبی بزانین جۆن مامەلە لەگەل بەرنامەکاندەکەین کە سوود ببەخشن بە تاکی کۆمەڵگە لە قۆناغی سەرەتایی  تا قۆناغەکانی تر .

١* رۆڵی حکومەت لەم کاتەدا دەبیًت چی بێت لەو گواستنەوەیەدا؟
پێش هەموو شتێك ئەبیت کە حزب لە حوکمەت جایبکرێتەوە تا بتوانرێت کاری جدی بکرێت ئەوانەی لە حکومەتدا کاردەکەن دەبی مرۆڤی دلسۆزبن بۆ کۆمەڵگەکەیان هیوایان بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەبێ نەك مادە و کورسی هەروەها هەوڵبدرێت کەسی شیاو لە شوێنی شیاودا دابنرێت بێ بیر کردنەوە کە سەر بە ج لایەنێکە  گەر وەها نەکرێت ئەم قۆناغە زۆر بە سێوەیەکی نادروست بنیات دەنرێتەوە
حوکمەت دەبی ریگرنەبی لەبەردەم رۆشنبیران وە هەوڵبدات کە کاریان لەگەل بکات وە گوی بۆ خواستەکانیان لە پیناوەی بنیاتنانەوە کۆمەڵگە بگرێت دژایەتی یەکتر نەکەن ڕێز لە تیڕوانینی نوسەران بگیرێت حوکمەت دەبێت ژیان دابین بکات بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە بەگشتی و خەمخۆرانی کە دەیانەوە کار بکەن بۆ ئەم قۆناغە بۆ ئەوەی بتوانن بە چڕی کاربکەن خەیاڵی لای نەبوونی بژێوی ژیانی نەمێنێ.
هەروەها دەست بکات بەگۆڕینی شێوازی قوتابخانەکان بۆ ئەوەی سەرەنج ڕاکێش

بێت بۆ منداڵان هەوڵ بدرێت کە چاوپێ کەوتن لەگەل منداڵانی هاندەران بکرێت بۆ تێبینی کردنی جیاوازی لە نیو وولاتانی هاندەران و کوردستان سوود لە تێڕوانینەکانیان وەربگیرێت حوکمەت دەبێ وەهابکات گوی زۆر بدرێت بە باخچەی ساوایان جەنکە بناغەی دروست بوونی مرۆڤە و هەستیارترین قۆناغە ئەمەش لە ڕێگەی دابین کردنی ئەنتەرنێت بۆیان بەشێوەی دەرس پییان بوترێت هەروەك جۆن لەم وولاتانە بەرجەستەکراوە هەول بدریت سوود لە ئەزمەنی وولاتنی ئەوروپا وەبگیردرێت بە عەمەلی نەك نەزەری ئەویش دەتوانێت کاسێتی پەروەردەیی و پەروەردەکردنی مندالان لە هاندەرانەوە بۆ کوردستان بنێردرێت بۆ سود ورگرتن لە وتنەوەی وانەی رۆژانە لە قۆناغی سەرەتایی دا ئەمەش ئەکێکە لەو کارانەی کە بە حوکمەت دەکرێت

هەروەها دانانی یاسایەك کە گشت تاکی کۆمەڵگە بپارێزێت بی جیاوازی وە کار کردن بەو یاسایە نەك هەر بوونی هەبێت و کاری پێ نەکرێت بڵاوکردنەوەی نامیلکە و روونکردنەوەی پەیرەو وپرۆگرامی حوکمەت لەبارەی ئەم گواستنەوەیە بۆیە تاکی کۆمەڵگە بزانێت کە ئەرك و پارێزگاریەکانی چین لە کاتێکدا کە بەرەنگاری کێشەیەك دەبیتەوە حوکمەت دەبێت زۆر بکات لە کۆمەڵگە بۆ نە هێشتنی جیاوازی نێوان رەگەزی جیاکان نێر و مێ یارمەتی دانی هەژاران و نەهێشتنی کار کردن بە منداڵان یاسایەك هەبێت کە تەمەنی کارکردن دیاری بکات بۆ منداڵان وەك وولاتانی ئەوروپا هەروەها یاسایەك بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و بەزۆر کردنی خوێندن بۆ مندالان دوورخستنەوەیان لە کارکردن گەشبین کردنی گەنج بە دابین کردنی پیداویستیەکانیان لە هەموو لایەنێکەوە ئازادی راستقینەی ڕا دەربڕین نەهێشتنی توندوتیژی چاندنی هاریکاری و بروابوون بە حوکمەت لە ناخی تاکدا بجێنێت یاسا دەبێت سەروەر بێت جیاکردنەوەی ئاین لە یاسا بۆیە ئاین نەبێتە هۆکاری کە خەلك چەواشەبکات  چونکە تاکی  چاوری حوکمەت دەکات کۆمەڵگە ناتوانێت ئەم جیاکاریەبکات ئەمە ئەرکی حەکمەتە یاسا بکاتەسەروەر هەروەك وولاتانی دەرەوە کە هەموو تاکێك بە یاسا کاردەکات و ئیپارێزێت هەتا لە وولاتی بەریتانیا ماڵی مەلیکەکەش لەژێر حوکمی یاسادان بێ جیاوازی جونکە گەر وولات یاسا تێیدا پەیرەو نەکرێت  ناتوانێت کە هیچ جۆرە بنیاتنانەوەیەك بەخۆیەوە ببینێ.

ئەی رۆڵی تاکەکان چییە،رێکخراوە ناحکومییەکان  دەبێت چی بکەن؟

-ڕۆڵی تاك لەم پرۆسەیەدا دەبێت دەرگاکانی کراوەبیت بۆ وەگرتنی فکرەی تازە هاوکاری حوکمەت بکات رەخنەی بنیاتنەر بگرێت لەکاتی نارازی بوونی بەشێوازی ژیان و ئەو قۆناغەی کەپیایدا تێدەپەڕێت

وە گەر دەسەڵات ئەو داواکاریانەی یەن گۆرانکاریانەی نەکرد کە پێویستە بکرێت و کەموو کوریان بەدی کرد لە گۆڕانکاری پەروەردە و راگەیاندن و هەموو لایەنەکانی

ئەم قۆناغی گواستنەوەیە دەبێ بێدەنگ بەبن هەول بدەن فشار بخەنە سەر حەکمەت بۆ جێبەجێ کردن ئەمەش لە ڕێگەی کۆڕوکۆبوونەوە و پەیوەندی کردن بە قوتابخانە کانەوەوبە دەسەڵاتەوە ئەم کەسانەش ئەتوانن لە ژێر ڕێکخراوێکی خۆیان کۆبکەنەوە پەیرەوو پرۆگرامیان ئاشکرابکەن وە مەبەستی گەورەشیان خزمەتی کۆمەڵگەبێت بۆیە کۆمەڵگەیەکی دروست بەرهەم بهێنن کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بێت ، چونکە بەتەنها تاك دەسەڵاتی نیە گەر بە کۆمەڵ نەبێت هەروەها بتوانرێت پەیوەندی بە خەمخۆرانی کورد لە هاندەران بکرێت و هاتووجۆی دەرەوەی وولات بکرێت تالە نزیکەوە بە کۆمەڵگەی مەدەنی وولاتان ئاشنابن بە بەشیوەیەکی راستەوخۆ بگوێزرێتەوە و کاری لەسەر بکرێت.

هەروەها دەبێ رێکغراوەکانی ناحکومی بە مانای ووشە نا حکومی بن ئەگەر بە پێچەوانەوەبێت ناتوانن خزمەتی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەن وە زۆر بە خراپی دەشکێتەوە و خەڵك چەواشە دەکەن بە ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کار بۆ دەسەڵات دەکەن بەم جۆرە خەڵکی کۆمەڵگە لە خشتەدەبەن وە هێچ جۆرە گۆڕانکاریەکیان پێ ئەنجام نادرێت چونکە لەم وولاتانەش رێکخراوە ناحکومیەکان فشار دەخەنە سەر دەسەڵات و لە گشت بوارەکاندا گۆرانکاری دەکەن بەڵام بە ڕاستی ناحکومین و لە خزمەتی پێش خستنی کۆمەڵگە کاردەکەن نەك لەبەر ناو و بەرژەوەندی تایبەت لەبەر ئەم هۆیە ئەتوانرێت بوتریت کە رێکخراوەکانی ناو کوردستان تا ئێسا کارێکی وەها بەر چاویان لە خزمەتی کۆمەلگەی مەدەنی دا نەکردوە دەبێ هەوڵبدەن زیاتر بچنە ناو خەڵکەوەو گوێ بگرن لە کێشەکانیان و بەدەستەڵاتی بگەیەنن گەرنەتوانن ئەم کارەبکەن کەواتە نەبوونیان باشترە چونکە دەکرێ ئەوان ببنە پردێك لە بەینی کۆمەڵگەو دەسەڵات زۆرجار ئەوەی ئەوان ڕێکخراوە ناحکەمیەکان درکی پێ دەکەن دەسەڵات ئگادار نیە لێی کەواتە کارکردنی چالاکیان هاریکاری دڵسۆزانەیان دەبێتە هۆیەکی گرنگ بۆ بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەیەکی دروست لەهەموو ڕوانگەیەکەوە دەتوانن کاری بەپێز بکەن یارمەتی دەسەڵات بدەن وە ببنە جاوێك بۆیان کە لەڕێگەیانەوە کێشەکانی کۆمەڵگەی پێ ببینرێت.